شیعر

# فیوز

کاوان عەبدولڕەحمان

لەناو بووندا، "شت"ی سادە نەماوە،
سادەیی"شت"ێک نەماوە.
نەماوە سانایی،
سانایی بووە بە عەدەم
بوون زۆر لەوە ئاڵۆزترە،
بوونەوەر بە سادەیی تێیپەڕێنێت هەر بۆیە:
ئێمە فیوز دەکەین
من...تۆ... ئەو...
کات...زەمەن... شوێن...
ڕابردوو لەگەڵ ئێستادا
ئێستا لەگەڵ مایکرۆ-تەکنەلۆژیادا
مایکرۆ-تەکنەلۆژیا لەگەڵ هزردا

هزر لەگەڵ کاتدا.
کات لەگەڵ ئێمەدا
بەڵێ ئێمە
ئێمەی "ئێستا"
هۆشی ئێمەی ئێستا، لەگەڵ سەتەدا
هەمووومان پێکداچووین
لە هەمووماندا پێکداچووە
فیوزمان پێکرا
ئێمە بووین کردمان،
مرۆڤ فێرە، لە دەرەوە و ناوەوە دەیکات.
فیوز دەکات، شتی تر دەکات.
جەنگ دەکات
جەنگ لەگەڵ خۆی و پاشان
لەگەڵ خۆیدا دەیکات.
سووژە لە نێوانی بوون و نەبووندا
تەنیا جەنگی بۆ ماوەتەوە
سووژە بوونێکە لە هەڵە،
پێکهاتەیەکی نەمردووە
ڕاگەیاندنی بێدەسەڵاتی خوداکانە
"جەنگ" لەسەر "جەنگ"
لە دژی هەیمەنەی خودا دەکات.
ئەویتری گەورە تینووە بە جەنگ
لە نێوان ئاگایی و فرەئاگاییدا
لە نێوان نائاگایی و ئەویتردا
لە ئێمەوە بۆ ئەویتری گەورە

لە نێوان کردەوە و "ژێست"ـدا
ئەوە جەنگە، خۆی مەڵاسداوە
جەنگ ئارەزووە
بۆ نواندن لەپێش ئارەزووکردنی ئەویتر
ئەوە خەسڵەتە فیوز دەکات.
ئەوە خەسڵەتە دەگوازرێتەوە
لەمنەوە بۆ ئەو
لە ئەوەوە بۆ...
لە ئەوەوە بۆ ئەویتر!
من لەناو خۆمدا پێکدادەچم
ئەو لە ناو مندا
ئەویتر لە ناو هەردووکماندا و
هەموومان لەناو "بوون"ـدا

لەناو ئێمەدا کات درز دەبات.
درزێکی گەورە، گەورەتر لەوەی
کە گەردوون پێیلەتوپەت بوو.
ئەو درزانەی کە کات،
لەناوماندا دروستی دەکات
پڕ نابێتەوە،
بۆمان ناگیرێت،
مرۆڤ هەموو شتێکی پێدەگیرێت
جگە لە کات
جگە لە درزی کات
لەنێوان ئێستا و ئایندەدا

ڕۆچوویی نێو وەهمە پەتیەکان بووین
کات بۆشایی خستە ناومانەوە،
کەوتینە ناو بۆشاییەوە!
کەوتینە ناو عەدەمەوە
لە سنووری ئێستای عەدەمدا
تلۆر دەبینەوە بەرەو ....
بەرەو عەدەمیەتی ڕەها.

لە ناو ئێمەدا درز کات دەبات
کەلێن کەوتووەتە ڕۆژەکانمانەوە
ڕۆژەکانمان، کەوتوونەتە ناو کەلێنەوە
دووبارەیی تەنگی بە دووبارەیی هەڵچنیوە
هارمۆنی چینەکانی دەوروبەرمان ئاڵۆزن
ڕیتمی ڕێڕەوەکانمان چوونیەک نین
پێیەکان دەلەرزن، ئەوە "بوون"ـە دەلەرزێ
لە ژێر پێیەکانماندا.
نامۆیی بووە بە ڕووخساری سێیەممان
ئێمە لەناکاو خۆمان بە تەوێڵی "ئێستا"ـدا کێشاوە
ئێمە بەپڕتاو هەڵدێین
دێین و دەچین و بێهۆ دەوەستین
دووبارە دەست بە هەنگاونان دەکەینەوە،
بێەوەی بەرەو "هیچ شوێنێک" بچین
بەرەو "هیچ شوێنێک" هەنگاو دەنێین
بەرەو بەردەوامبوون
لە ڕابردوودا،

بە غافڵبوون،
بەئێستاوە.
بەردەوام دەبین، بەڵام
شتێک نییە بۆ بەردەوام بوون
شتێک نییە بۆ وەستان
شتێک نییە ناوی ڕابردوو بێت.
"ئێستا" دەڕوات و ئێمە ناڕۆین
"ئێستا" لەناوماندا ڕەگی داکوتیووە،
ئێمە لە "ئێستادا" ڕەگمان داکوتیووە

زەوی ئەگەر جارێک بەدەوری خۆردا بسووڕێتەوە
ئەوا ملیۆنان جار لە بێکاریی خۆیدا دەسووڕێتەوە
ئەو دەمەی بەیانییەک خۆر هەڵدێ
-چونکە کاری هەموو سبەینانێکیەتی-
دوابەدوای خۆی
تاریکییەکی نەبڕاوە دەهێنێت.
ئێمە و کات، لە شەودا دەبینەوە بە ئێمە
لە نیو نیگادا، دەگەین بە شەو
تاریکییەک؛
لێوانلێوە لە ڕەنگی "ڕەش"
تاریک و تۆقێنەر...
ترسناکە تاریکی ئەو
ئەو تاریکی تۆقێنەرە
لە کرۆکیدا، تەمە،
تەمێک کە ناڕوات و کۆتایی نایەت.

ئێمەیش کە جێگیرین و بیر دەکەینەوە
بیر لە خۆمان دەکەینەوە
لە ناو خۆماندا بیر دەکەینەوە
لە جووڵەدا بیر لە جێگیربوونمان دەکەینەوە
لە گۆڕینی هەستدا؛ هەست لە تاریکیی زەمەن
هەست لە بیرکردنەوەی چێژ
هەست دەبێت بە تارمایی و تاریکیی
لە تاریکیی هەستەکاندا،
نەست، سەرجەمیان دەبنەوە بە تاریکیی
تاریکیی لە خۆی دەترسێ
دەترسێ لە تاریکیی خۆی...
ئیدی کات دەبێت بە میلێکی شکاو
نە دەڕوات، نە دەشوەستێت
هاوار و ناڵەی لە ناو خۆیدا دەنگدەداتەوە
ئەو لە ناو خۆیدا دەگات بە ئەوپەڕیی،
ئەوپەڕی ترس
ئەوپەڕی ئێستا
ئەوپەڕی چەقین
ئەوپەڕی مەرگ...
ئەوپەڕی هەموو خواستەکان
ئەوپەڕی هەموو ویستەکان
مەرگ لە ناسینیدا ئامادەیی هەیە
ئیدراکی مەرگ، خودی مەرگە.
مەرگ لە چاوەڕوانییدا، چاوەڕوانی ناسینیەتی
ئێمە لە چاوەڕوانیی ناسینیداین.

هەنگاوێک بەرەو مەرگ دەڕۆین
دوو هەنگاو دێینە دواوە
دوو هەنگاو بەرەو مەرگ دەڕۆین
بەڵام نایگەینێ و لە لێواری سنووری سەرەتادا دەچەقین،
هەنگاوەکانمان
هێواشترن لەوەی هەستیان پێدەکەین
تێڕوانینەکانمان، نەزانترن لەوەی دەیزانین.
بۆچوونەکانمان، هەڵەترن لەوەی بروامان پێیەتی.
مەرگ، ڕۆتینیەتیی نهێنیەکانە
تاسەی دەکەین
ئەو تاسەمان دەکات
کات نامانبڕێت
ئێمە کات نابڕین، ئێمە لە جەنگداین
جەنگێک لە دژی "بوون"
لە دژی ئەودیویی "بوون"